**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**Kurdistan National Congress (KNC)**

**Kongrey Nîştmanîya Kurdistan**

**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**

**W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk**

# سازبوونی بەرەی نەتەوەیی و، داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان، وەرامێکی بەجێ و نەتەوەییە بۆ تەقینەوەکەی کەرکووک و، پیلان و گەلەکۆمەی داگیرکەران!

**گەلی بندەست و خۆڕاگری کورد!**

**حکوومەتی هەرێمی کوردستان!**

**پارتی و ڕێکخراوەی رامیاری وناڕامیاریی کوردستان!**

تەقینەوە خۆکوژییەکەی ٢٠٠٨/٧/٢٨ ی شاری کەرکووک، وەرامێکی ئاشکرا و ڕۆنی داگیرکەرانی کوردستان بوو بە داخوازییەکانی نەتەوەی کورد. وەرامی هەموو دەسەڵاتدارانی سوننە و شیعە و ترکمان بوو، کە بەسایی دەسەلاتدارێتیی کوردەوە، حکوومەتی نوێی عێراقیان بۆ دامەزرایەوە و، بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، چەند ساڵێک سەرکردەیەتیی کوردیان، بە درۆشمی درۆزنانەی "برایەتی" و "ئاشتی" و "عێراقی وەکیەک و یەکسان"، تەفرە دا.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، هەر لە یەکەم ڕۆژانی دامەزرانی "هەرێمی ئاسایش" ەوە، تاکو ئەمڕۆ، بەردەوام داوای لە سەرکردەیەتیی پارتی و یەکێتیی کردووە کە ئەو هەل و دەرفەتە زێڕینە لەدەستنەدەن و، بیخەنە خزمەتی ئامانجەکانی نەتەوەیی کوردەوە. فریوی وادە و بەڵێن و پەیامی بەڕواڵەت دۆستانەی داگیرکەران و، بەکرێگیراوانیان نەخۆن. ئێستاش، کات لەدەستچووە و، ڕەوتی ڕووداوەکان، زۆر بەخێرایی لەزیانی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد دەڕۆنە پێش. پیلان و گەلەکۆمەی هاوبەشی داگیرکەرانی کوردستان و، عەرەبی سوننە و شیعە و ترکمان، لەدژی نەتەوەی کورد و، پاشماوەی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان دەستیپێکردووە. لەبەر ئەوە داوا لە YNK و PDK دەکەین، لەباتی چاوسۆرکردن و، هەڕەشەکردن لە ڕۆناکبیر و نیشتمانپەروەران و ڕۆڵەکانی دڵسۆزی کورد، هەست بە گەورەیی پیلانی داگیرکەران بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان و، چارەنووس و هەبوونی نەتەوەکەیان بکەن و، لەو ڕاستینەیە بگەن، کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییان، تەنیا لە کوردستانێکی سەربەخۆ و، لەنێو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا دەپارێزرێت و، دەستەبەر دەکرێت.

نەتەوەی کورد، ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی باشدەناسێ و، لەمێژە لەو ڕاستینەیە گەیشتووە کە ئاوڕوو و کەسایەتی و، سامان و، داخوازییەکانی، تەنیا لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا دەستەبەر دەکرێت. لەبەر ئەوە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێویستە، لە ڕاستا و هێڵی ئامانجەکانی نەتەوەکەیانەوە هەنگاو هەڵبگرن و، ڕێز و متمانەی گەلی کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشنەوە و، گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بەشداربکەن.

سازبوونی بەرەیەکی نەتەوەیی کە پێکبێت لە هەموو لایەنی کوردی و، کوردستانیی، لەدوری دروشم و بەرنامەی "ڕفراندۆم بۆ کوردستان" و، "سەربەخۆیی بۆ کوردستان"، وەرامێکی بەجێ و نەتەوەییە بۆ تەقینەوەکەی کەرکووک و، پیلان و گەلەکۆمەی داگیرکەران!

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی سەربەخۆیی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**بژی ئازادی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠٠٨/٧/٢٩**


KNC
P.B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway
0044 – 208 748 78 74
0049 – 82 33 61 21
0047 – 93 83 99 53
E –post; KNC@ribrahim.de
post@kncscandinavia.com
www.kncscandinavia.com